# دوای بەسەرکۆماربوونی تاڵەبانی پێداگری لە سەر سەربەخۆیی کوردستانو گەرانەوە بۆ راپرسی گشتی نەك واقعیەتی خۆی لە دەست نەداوە، بەڵکو لە هەموو کات زیاتر دەبێت کاری لەسەر بکرێت

## گفتوگۆ لەگەڵ ئەمجەد غەفور سەرۆکی کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

**ئۆکتۆبەر: زەمینەکانی پێکهێنانی رێکخراوێکی وەك رێکخراوەکەی ئێوە چیە؟ رێکخراوەکەتان دەیەوێ وەڵام بە چ زەرورەتێك بداتەوە؟**

ئەمجەد غەفور: 14 سالە بە دوای جەنگی کەنداودا، چارەنوسی کوردستان بە هەلوسراویو نادیاریو بە دەورو نفوزو دەسەلاتی یەکیتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستاندا راگیراوەو رادەگیرێ. ئەم هیزانە پیچەوانەی خواستی خەلکیو ریگاچارەی عەمەلیو ئینسانین بۆ کیشەی کورد. دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووەو هەرلایەك بەشیکی داگیر کردووەو کردویەتی بە مولکی خۆی، توانیویانە بە دەسەلاتی حیزبیو میلیشیایی ئیرادەو دەوری خەلکی بۆ دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان، پێشیل بکەن.

خواستی جیابونەوەی کوردستانو دەولەتی سەربەخۆ، خواستیکی ئازادیخوازانەی خەلکیە، رزگاریە لەستەمی نەتەوایەتیو گیژاویك کە ئیستا عیراق بەسەری دەبات، هەروەها ریگاچارەی واقعیو عەمەلیە بۆ چارەسەری کیشەی کورد لە عیراقدا، ئەم خواستەو ئەم ریگاچارەیە لە ریگای گەرانەوە بۆ رای خەلکی جێبەجێ دەبێت. واتە خەلکی کوردستان لە راپرسیەکی گشتیدا خۆیان دیاری بکەن، ئایا دەیانەویت لە عیراقدا بیمیننەوە، یا دەولەتی سەربەخۆی کوردستان پیك دەهینن.

بۆیە ریکخراوی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆ ئەو واقعیەتە پیکهاتووەو هەلسورانی سیاسی دەکات، کە، یەکەم: بەدوای گەرانەوەیە بۆ دەورو ئیرادەی خەلکی لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیاندا، هەولدەدات بۆ هینانە مەیدانی ریزی بەرینی جەماوەری خەلكو سەپاندنی دەخالەتی راستەوخۆی خەلکی لە دەسەلاتی سیاسیدا، کە تا ئیستا نەك هیچ فرسەتیك بە دەوری خەلکی عیراقو کوردستان نەدراوە، بە لکو گەورەترین ستەمو ناهەمواری بەسەردا سەپینراوە. دووەم: هەولدان بۆ دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی کوردستان، دەولەتیکی غەیرە قەومیو غەیرە دینی، واتە پاراستنو بەدوور راگرتنی خەلکی لە سەپاندنی هەر ئایدۆلۆژیاو نەتەوە پەرستیو دینو عەقیدەیەك، بە پاراستنو سەپاندنی ئازادی بێ قەیدو شەرتی سیاسیو دابینکردنی دەخالەتی راستەوخۆی خەلکی لە دەسەلاتی سیاسیدا.

زەمینەکانی پیکهینانی ریکخراوی ئیمە خواستو نارەزایەتیەکانی خەلکیە، لە گەل ناکۆکیەکانی ژیان وگوزەرانی خەلکی کوردستاندایە لەبەرامبەر سیاسەتو دەسەلاتی هیزە میلیشیاییەکاندا، دەبیت ئەمانە کۆتاییان پێ بهینریتو گوزەرانی خەلکی ئارامو ئاسودەو ئاسایش بێتەوە، لە ئیستادا بە ریگای بەرپاکردنی رفراندۆمیکی گشتی بۆ جیابونەوە کوردستان بە دەست دیت.

**ئۆکتۆبەر: جەلال تاڵەبانی کە یەکێکە لەسەرانی ئەسڵی بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عێراق، ئێستا سەرەك کۆماری عێراقە.. ئەمە چ شتێك لە مەسەلەی کورد ئەگۆڕێت، ئایا ئەمە زەمانەتێك نییە بۆ نەگەڕانەوەی ستەمی نەتەوایەتی بۆ سەر خەڵکی کوردستان؟**

ئەمجەد غەفور: دەولەتیك کە ئیستا لە عیراقدا رایان گەیاندوە، بەلام ناتوانیت پیك بێت، دەولەتیکە نازناوی ریکەوتنی دوو هیزە، بە ناوی شیعەو کورد، ئەم جۆرە لە دەولەت راگرتنی بەرژەوەندی سیاسی ئەو هیزە کۆنەپەرستانەیە تا هاوسەنگی هیزیان دەگۆریت، یەکەم ناتوانێ تەمەن دریژ بیت، وە زوو لەبەر یەك ئەترازینو بەیەکدا دین، دووەم نەك ناتوانن ئارامیو ئاسودەیی فەراهەم بکەن، بەڵکو گەورەترین دەردو بەلا بەدوای خۆیاندا دەهێنن. ئەم دەولەتە نە پەیوەندی بە بەرژەوەندی خەلکیەوە هەیە نە بە ئیرادەی ئەوان دادەمەزرێ، دەولەتیکە لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو هیزە ئیسلامیو قەومیەکانو کیشمەکیشی نیوانیان راگەیەنراوە، نە ئەتوانی بەرگری لە ئەمنیەت، مەدەنیەت، ئارامی سیاسی عیراق بکات، نە ئارەزووی وەلام بە کیشەی کوردی هەیە، جەلال تالەبانی بۆتە سەرەك کۆماری کورەی ئاگردانێ، کە بە چوار دەوری خویدا پریشك دەهاوێ، ئەوەتا ئەو پریشکە خۆی گەیاندە شاری هەولیر، ئاخۆ کەی شارەکانی تری کوردستان دەگریتەوە، ئەوە رۆشنە هیچ زەمانەتیك لەم دەولەتە بەدی ناکرێت، کە دلنیامان کات پریشکی ئەم کورەیە خۆی نەهاوێتە ناو شارەکانی تری کوردستانەوە، تیکەل بونی ناسیۆنالیزمی کوردی بە دەولەتی مەرکەزیەوەو گریدانی چارەنوسی کوردستان بە وەزعی سیاسی ئیستای عیراقەوە، ئایندەی کوردستانی ئالوزترو مەترسیدار کردووە، بۆیە بە جیا لەوەی ماوەیەك زەهری خۆش خەیالی بۆ هەلبژاردن بەناوی دەورو جیگای "کورد" لە بەغدا بلاو کرایەوە، شاییو هەلپەرکێ بۆ بە سەرۆك بونی جەلال تالەبانی بەرێ خرا، بەلام واقعیەتی کیشە گالتەجارەکانی دەولەتی عیراقو دەسەلاتی فیدرالی لە کوردستاندا، بالادەستی ئیسلامی سیاسی لە عیراقدا بە جۆریك مەترسی نزیك خستۆتەوە لە خەلکی کوردستان، خەریکە نارەزایەتی بە شیوەکی فراوان تەشەنە دەسەنێتەوە. گریدانی چارەنوسی کوردستان بە دەولەتی عیراق و سەروکایەتیە بێ نەخشو دەورەکەی جەلال تالەبانی، رۆژ بەدوای رۆژ بێ ئومیدی زیاتر نیشان ئەدات، بەرەو رووی شەریکی گەورەی تائفیو قەومیمان دەکەنەوە، هەر

بۆیە ئیستا پیداگری لە سەر سەربەخۆیی کوردستانو گەرانەوە بۆ راپرسی گشتی نەك واقعیەتی خۆی لە دەست نەداوە، بەلکو لـە هـەموو کـات زیـاتر دەبیـت کـاری لەسەر بکرێت.

**ئۆکتۆبەر: وتتان دەوڵەتیك راگەیاندراوە بەلام ناتوانیت پێکبیت.. دەکرێ رۆشنی کەنەوە مەبەستان چییە؟**

ئەمجەد غەفور: هەروەك پیشتر ووتم ئەم دەولەتە بەرئەنجامی ریکەوتنی نیوان هیزە کۆنەپەرستەکانی نیو شانۆی سیاسی عیراقەو لـە پەیوەنـد بـە بەرژەوەندیـەکانی ئەمریکاوە راگەیاندراوە، بەلام عیراقیك کە بە داگیرکردنی ئەمریکا ویران کراو شیرازەی ئابوریو کۆمەلایەتی لیك ترزاوە، هەموو سیفاتەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لە دەستداوە. زیاد بونی نا ئەمنیو تەشەنەی شەری قەومیو تائفی کە عیراقی کردۆتە بورکانیكو هەموو رۆژیك ئەتەقیتەوە، بنەمایەکیش کە بۆ پێکهینـانی دەولـەتی عیراق رایان گەیاندوە، بۆخۆی بەشیکی بنەرەتیە لە گـەورەکردنی تەقینـەوەکانی ئـەو بورکانـە، بۆیـە ئـەو دەولەتـە لەبەرامبـەر پاراسـتنی ئەمنیـەتو گەرانـەوەی مەدەنیەتو ئاسودەییو ئارامی سیاسیدا پوچو بی ناوەرۆکە، ناتوانن زەمانەتی پاراستنی دەولەتەکەشیان بکەن، بۆیە دەلیم ئەمە پیکهاتنی دەولەت نیەو تـا ئیـستا دەولەت لە عیراقدا پیك نەهاتووە، چونکە هیندەی پوشیك ناتوانی وەك دەولەت کاربکات، هەر بۆیە کۆمەلانی خەلکیش نەك هیچ ئیعتباریکیان بـۆ دانـەناوە، بگـرە مایەی گالتە جاریو نارەزایەتیانە.

**ئۆکتۆبەر: لە پرسیاری یەکەمدا پرسیاری زەمینەو زەرورەتی رێکخراوەکـەتانمان کـرد، ئێـستا دەمانـەوێ برێـك لـەبارەی ئاسـتەنگەکانی بـەردەم کـاری رێکخراوەکەتانەوە بۆمان بدوێ..**

ئەمجەد غەفور: دیارە هەر ریکخراویك ریگری خۆی هەیە لە چونە پیشەوەی هەلسورانی سیاسیدا، لە بەر ئەوەی ئیمە بەدوای بـە جێگەیانـدی ئـازادیو خواسـتو ئیرادەو دەوری خەلکیەوەین، پیش هەموو شتێ لە بەرامبەر ئەو هیزانەدا بەرەو روو دەبینەوە کـە پـێشیلی دەورو ئـیرادەی خـەلکیو دەخالـەتی خـەلکی دەکـەن لـە دەسەلاتی سیاسیداو دژی ئازادی سیاسین. ئاشکرایە کە ئامانجی ریکخراوی ئیمە لەگەل بەرژەوەندی سیاسیو ئامانجی حیزبـەکانی دەسـەلاتدار لـە کوردسـتاندا یـەك ناگریتەوە، جا هەولی ئیمە بۆ ئەوەیە ببینە هیزیکی سیاسیو هەولبدەین چارەنوسی کوردستان لەئاستی ریکخستی بەرینی جەماوەریدا ریـك بخـەین. دیـارە هـەر لـە سەرەتاوە بەرەو رووی ئاستەنگی حیزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان دەبینەوە. هەروەها چاوەروانیو خۆشخەیالی خەلکی لە دەورانیکـدا کـە دەکەونـە ژیـر کـارکردی پروپاگەندەو قەولەکانی ئەحزابی دەسەلاتدار وەك سەردەمی هەلبژاردن، پروپاگەندە بۆ سەرۆك کۆماری جەلال تالەبانی، هەرچەندە ئەمانە کاتین بەلام کـارکری خۆیـان دەبیت، هەروەها بە گشتی دەروی حیزبەکانی دەسەلاتدار لە نیشاندانی هیزو دەزگاکانی ترساندنو هەرەشەیان لـە خـەلکی ئاسـتەنگ بـۆ ئیمـە دەهینیتـە پیـشەوەو ئامادەیی کارکردن بۆ هەلسوراوانی سیاسی لە گەل ئەم ریکخراوەدا کەم دەکاتەوە، ئەوەی راسـتی بـێ بـەر لـە راگەیانـدنی ئـەم ریکخـراوە، ئیمـە قـسەمان لەگـەل کەسایەتیەکی زۆردا کرد بۆ کارکردنو پشتگیری ئەم ریکخراوە، زۆربەی ئەو کەسانە باوەریان بە ئامانجەکانمان هەبوو و پیییان جـدی بـوو، بـەلام ئـەوەی ئامـادەبن بـە ئاشکرا نارەزایەتیەکانی خۆیان بە سیاسەتەکانی حیزبە دەسەلاتدارەکان راگەیەنن بۆیان سەخت بوو. هەلبەتە جگە لەوانـە هەنـدێ ئاسـتەنگی تـری هـەن لـە نـەبونی ئیمکاناتو دەزگاکانی راگەیاندن لە بلاوکراوەی رۆژانەو رادیۆو تەلەفزیۆن کە دەبیت لە هەولدا بینو دابینیان بکەین.

**ئۆکتۆبەر: بەلەبەرچاوگرتنی زەمینەو ئاستەنگەکانی بەردەم رێکخراوەکەتان ئاسۆی کاری ئایندەتان چۆن ئەبینیت؟**

ئەمجەد غەفور: بەدی هاتنی فرسەتو پێکهینانی فرسەتەکان بۆ هەلسورانی سیاسی ئیمە ئیجابیو بەربلاوە، واقعیەتی وەزعی سیاسی ئیستای عیراقو کوردستانو ململانێی هیزە سیاسیەکان، بی ئومیدی لەو هیزانەو نارەزایەتی فراوانی خەلکی لێیان، لە هەر دەورانیکیدا دەرگایەك بۆ گەورەبونی ئیمـە دەکاتـەوە، کـە دەتـوانین کاریان لەسەر بکەین، ئیستا ئیمە لەسەرەتای دامەزراندنی ریکخراوەکەو کارەکاندایین، پیوستە لە ئاستیکی فراواندا ریکخراوەکەو ئامانجەکانی بلاوکەینەوە، ئومیـدم هەیە جیگای پیشوازیو پشتگیری جەماوەری ئازادی خوازی کوردستان دەبیت. چونکە مەسـەلەی ئەساسی لە تیکۆشانی ئیمەدا پیك هینانی ئـەو هەلومەرجەیـە کـە ئیرادەو دەوری جەماوەری خەلك بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەخالەت بکات لە ژیانی سیاسیو دەسەلاتی سیاسیو بریار لەسەر چارەنوسـی خـۆی بـدات، بۆیـە دەبیتـە ریکخراویکی بە نفوزو لە شانوی سیاسی کوردستاندا دەوری پیشرەو دەبینیت.